«مـــاوەی لاپەڕە ٢٢ »

دیاربەکر و دەرسیم و وان بەدەستی ترکان لەبیرکران، هەروەک چۆن رووخانی راپەڕینە یەک لەدواییەکەکانمان لەبیرکران، حکوومەتەکانی مەلیک مەحمود و قازی لەبیرکران، هەرواش هەڵەبجە و ئەنفال لەبیردەکرێن.

ئەگەر دەمانەوێ بە رزگاری بگەین و، کارەساتەکانی بەسەرمان هاتوون، لە داهاتوودا روونەدەنەوە، پێویستمان بە پەروەردەی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی هەیە. پێویستە رادەی هۆشیاری گەلەکەمان بە گشتی و، چینی خوێندەوار و رۆناکبیری کورد بەتایبەتیی، بگاتە ئاستێک کە بەرژەوەندی و ئامانجی حیزبایەتی، لە بەرژەوەندی و ئامانجی نەتەوەیی جیابکەنەوە، ئەوکات فریوی درۆشمی نانەتەوەییانە و هەراوهۆریای زورناژەنی ئەو حیزب و لایەنانە ناخۆن کە کار بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن و، بڕوایان بە سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی نییە. ئیدی رێی خۆیان دەناسن و بە ئاشکرا و بەبێ ترس، پشتیوانی لەو لایەنە سیاسییە دەکەن، کە بەرنامە و خەباتی تەرخانکردووە بۆ ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

**لەساڵڕۆژی شەهیدکرانی هەڵەبجەدا، هەزاران سلاو دەنێرین بۆگیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی رێگەی پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

**هەر شەکاوەبێت ئالای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

سەرچاوە:


١-"کارەساتی هەڵەبجە و پەندەکانی" نووسینی: سدیق بابایی (ل ٩ کۆپلەی ٤، ل ١٠ کۆپلەی ١).

٢- گۆڤاری کۆنگرە (ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان)، ژمارە ٣٦ لاپەڕە ٦.

٣- گۆڤاری "پەیڤ" ژمارە ١٠ و ١١ - ساڵی چوارەم، حوزەیرانی ١٩٨٩ (ل٤٤ کۆپلەی ٢، ل ٥٢ کۆپلەی ٢).

٤- ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو (بەشی یەکەم، ل ٢١٧ کۆپلەی ٣، ل ٢٢١ کۆپلەی ٢) - نووسینی: سابیر کۆکەیی.


«مـــاوەی لاپەڕە ٢٧ »

پێوەندیمان بە رێکخراوە کوردییەکانەوە، هیچی دیکە نەبووە و نییە!

لەوەرزی زستاندایین و لەبارودۆخێکی زۆر خراپ و نالەباردا ژیان دەبەینەسەر. ئەگەر کوردەکانی دەرەوەی ولات کارێکمان بۆ نەکەن، گیانی ١٩٠ کەس لەمەترسیدا دەبێت. بەتایبەتیی ژیان و مانی ئەو ٨٣ منداڵەی لەنێوماندان، پتر لە مەترسیدایە.

داوا لە هەموو حیزب و رێکخراوە و پارتەکانی کوردی و کوردستانیی لە سەرتاسەری کوردستان بەگشتی و، رێکخراوە و حیزب و پارتەکانی رۆژهەلات بەتایبەتیی دەکەین، لەمە زیاتر بێدەنگیی مەکەنە پیشە. ئەگەر بەڕاستی لەپێناو رزگاریی کورددا خەبات دەکەن، لەبۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئێمەش هەنگاو هەڵبگرن و، کارێک بکەن، چۆنکە ئەبێ ئەوان زیاتر لە هەمووان، کێشەی ئێمە بە کێشەی خۆیان بزانن.

کۆمیتەی پەنابەرانی رۆژهەلاتی کوردستان -

لەسەر سنووری عێراق و ئۆردەن.

==============================

شایانی باسە، سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بەمەبەستی پشتگیریکردنی هاوولاتیانی کوردمان لە سەر سنووری عیراق - ئۆردەن، بەنووسینی نامەیەک، بۆ سەرۆکی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان - بەڕێز کۆفی عەنان و، بۆ لایەنەکانی پێوەندیدار بە کێشەی مرۆڤی و پەنابەرێتیی لە جیهان. داوایکرد لێیان: "بگەنە فریای ١٩٠ کورد کە لە سەرسنووری عێراق - ئۆردۆن، کە لە مەترسی لەنێوچووندان، یارمەتی پێویستان پێبگەیەنن و، جێگەی ژیان و بژێوییان بۆ دابین بکەن.

هەروەها رێزدار سیروان کاوسی، ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆنگرە لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە پێوەندیکردنی بەرداوامدایە لەگەڵ نوێنەری کۆمیتەی پەنابەران، بۆ دەستنیشانکردنی چەشنی گەیاندنی هەر یارمەتییەکی پێویست بەم هاولاتییانەمان کە لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا دەژین.